# کارایی ورده شوێن له شیعری (مەحوی)دا

## ڕێکارێکی تیۆری و پراکتیکی نوێ بۆ خوێندنەوەی ئەدەب

**پ. د. یادگار لەتیف شارەزووری**
**(زانکۆی سەڵاحەددین- کۆلێژی زمان)**

**(٢- ٢)**

**٣- کارایی ورده شوێن و زمانی ڕۆژانه**

دەنگەزارەکییەکان هێمان بۆ بارودۆخی دەروون، وشە نووسراوەکانیش هێمان بۆ وشە گوتراوەکان؛ لێرەوە دەتوانین بڵێین ئاخاوتن بریتییە لە زنجیرەیەک پرۆسەی عەقڵیی یەکتربڕ، هەر ئەمەشە وا دەکات زمان وەک ئامرازێکی پێوەندی لە نێوان مرۆڤەکاندا بەکاربێت: چونکە خودی ناونان شتێک بۆ بابەتی هەستپێکراو زیاد دەکات کە لە بوونە هەستییەکەی زیاترە. بۆ نموونە ئەگەر بڵێین (محەمەد)، ئەم ناوە بێجگە لە دیاریکردنی ئەو کەسە ناسراوە، پرنسیپی (مرۆڤبوون)یش لە خۆ دەگرێت، پرنسیپی (مرۆڤبوون)یش لە زاتی خۆیدا بابەتێکی جیهانییە، بەمەش زمان لای (ئەرستۆ) بووە هێمایەک بۆ فیکر و جیاکەرەوەی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ (١٣).

ئەدەب بە بەکارهێنانی تایبەتیی زمان جیا دەکرێتەوە؛ چونکە زمان کەرەستەی خاوی ئەدەبە، ڕێک وەک چۆن بەرد و برۆنز کەرەستەی پەیکەرسازین، ڕەنگەکان کەرەستەی وێنەکێشانن و دەنگەکان کەرەستەی مۆسیقان، بەڵام زمان لە ئەدەبدا تەنیا کەرەستەیەکی بێ گیان و ڕەق نییە وەک بەرد، بەڵکوو خۆی بەرهەمی داهێنانی مرۆڤە؛ هەر بۆیە زمان لێوانلێوە لە کەلەپووری کولتووریی هەر کۆمەڵە و نەتەوەیەکی زمانەوان.

بێجگە لەو ڕەهەندە کولتوورییە قووڵە، لە شیعری مەحویدا، لە ڕێگەی ورده شوێنەوە، زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە کارا کراوە، وەک کەرەستەیەکی زیندووی گەرم، هێنراوەتە ناو کایە شیعرییە داهێنەرانەکەوە، بووەتە توخمی کارای زمانی باڵا، بۆیە زمانە ئەدەبییەکەی مەحوی، لە هەمان کاتدا، زمانێکی باڵا و گەرموگوڕە، خوێنەر لە نێوان واقیعی ژیان و زمانی باڵای ئەدەبدا هەست بە دابڕان ناکات:

**دەمت چی؟ پڕ لە دوڕ، دورجێکی یاقووت**
**نیشانە و مۆری چی؟ خەتێکی زمڕووت**
**بە گریانم، وەکوو گوڵ، پێکەنی یار**
**لە باغی من بەبارش غونچە پشکووت** (١٤)

لە ڕێگەی ورده شوێنە ڕۆژانەییەکانەوە (وەک دورج و باغ)، زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە دەگوڕێت بۆ کەرەستەی زمانی شیعریی باڵا. شاعیر ئەم کەرەستە

بێگیانانەی ژیانی ڕۆژانە، بۆ زیندووکردنەوەی ژیان و جوانییەکانی وەگەڕ خستووە؛ بەمەش زمانی ڕۆژانە لە ئاستی ئاماژەپێدانی سادەوە، بۆ ئاستی بەرهەمهێنانی واتای باڵا بەرز دەکاتەوە.

بەکارهێنانی شێوازی پرسیار و وەڵام لە دەستپێکی بەیتەکەدا، ڕەهەندێکی دیالۆگی و زیندوو بە دەقەکە دەبەخشێت کە خوێنەر لە قاڵبی وشەی وشک دەردەهێنێت و دەیباتە ناو کەشێکی ئاوەدانەوە. هەموو ئەم ڕەهەندانەش بۆ ئاوەژووکردنەوەی (ئاسۆی چاوەڕوانی) وەرگر بەکاردەهێنێت؛ کاتێک (ئەو) بە گریانی (ئەم) پێ دەکەنێ، لەبری هاوخەمی. کاتێکیش گریانی (ئەم) لە خەمی (ئەودا)- کە لە ڕواڵەتدا تێکچوون و خەمە-، دەگۆڕێت بۆ (باران) و هۆکاری ئاوەدانی و پشکوتنی خونچە و گوڵ و گوڵزار.

وشەی ڕۆژانە بەکارهاتووەکانی وەک (گەڕەک) و (قاپی) و (دیوار) و (بەرد و تاش) و (ساچاخ - پاسار)، سنووری بچووکی ڕۆژانەی بەکارهێنانی ساتەوەخت تێدەپەڕێنن و بە تێڕوانینی سۆفیخوازانەی مەحوی و ڕوانگەی دەوڵەمەندی شیعری و فراوانیی بیرکردنەوەی هزری بارگاوی دەبن:

**- لەسەر خۆچوو بەدەم گریانەوە دڵ**
**گەڕەک پڕبوو کە ئەم مندالە دەرکەوت (١٥)**

**- لەبەر قاپی خەراباتا، کە یا ڕەب دایمە ئاوابێ**
**مەگەر خاکێ بەسەردا کەم، بکەم گاهێ دەماغێ چاغ**
**خەرابی عیشقی تو وابێ سەروسامان و دەروێشە**
**سەری بێ تاجە، کولبەی بێ دەرە، دیواری بێ ساچاغ (١٦)**

**- قاپی و بابی کەسێکی کە نیشانم دە، بچم**
**غەیری قاپی کەرەم و بابی عەتا نیمە مەلاز (١٧)**

**- سەنگەسارە زاهیری عاشق، دەروونی لالەزار**
**سوورەتی مەعشووقە گوڵزارە، جیبللەت بەرد و تاش (١٨)**



**مەحوی**

لەم ڕوانگە شیعرییەدا، مەحوی کۆمەڵێک وشەی سادەی وەک (گەڕەک، قاپی، دیوار، بەرد و تاش) کە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا واتایەکی فیزیکیی سنووردارییان هەیە، دەکاتە هەڵگری واتای قووڵ و کەرەستەی دنیابینی عیرفانی و زمانی فەلسەفەی بوون. (گەڕەک) وەک شوێنێکی نیشتەجێبوون نەماوەتەوە، پەرەی سەندووە و بووەتە کایەیەکی دەروونی کە بە گریان و دەرکەوتنی (دڵ) ئاوەدان دەبێتەوە؛ لێرەدا مەحوی (شوێنی ناو زمانی ڕۆژنە) بارگاوی دەکات بە دەلالەتی نوێ و لە بێدەنگییەوە بۆ چالاکییەکی گیانیی دەیگۆڕێت، هەروەها وشەی

(قاپی) جگە لە واتاکانی کراوەیی سنووردار و ڕەها، دەبێتە هێمایەک بۆ مەڵبەندی ڕزگاری و ئاوەدانی؛ چونکە (قاپیی خەرابات — مەیخانە) تەنیا دەرگایەک نییە، بەڵکوو سنووری نێوان بوون و نەبوونە، لێرە هەر دەرگە (قاپی) کارا نییە، بەڵکوو خۆڵی بەردەرگاش کارایە، چونکە ئەو دەڵێت «مەگەر کەمێ خۆڵی بەردەرگای مەیخانە بکەم بەسەر خۆمدا — خوا ئاوای کا — تۆزێ بێمەوە سەرخۆم و مێشکم زاخاو بدرێتەوە، مەبەستی ئەوەیە کە هۆشیاری ڕاستەقینە لە مەستیدایە» (١٩).

لە ڕوانگەیەکی بەرانبەرەوە، مەحوی لە ڕێگەی گواستنەوەی کەرەستەگەلی سادە و ڕۆژانەی وەک: (دیواری بێ ساچاغ، کولبەی بێ دەر) لە ئاستی واقیعییانەوە بۆ ئاستی سیمبۆلی، ئەوان دەکاتە ڕایەڵەی کارای گەیاندنی پەیام و ئامرازێک بۆ تێپەڕاندنی سنووره باوەکانی زمان و وێنەی شیعری. ئەم پرۆسەیە لە ڕێگەی کارلێکی دژبەرانەی (بەرد و تاش) وەک ئاماژەیەک بۆ (سەنگەسار) لە بەرانبەر (لالەزار)دا، گوزارشت لە دیالێکتیکی سۆفیخوازی دەکات کە تێیدا جەستە (زاهیر) بە کەرەستەی ڕەق و بێگیان دەچوێنرێت، بەڵام ناوەوە (باطن) بە گوڵزاری ژیان و گەشە. بەم شێوازە، مەحوی لە ڕێگەی دیمەنی ئەزموونییەوە، ئەو پەیامە فینۆمینۆلۆژییە دەگەیەنێت کە ئاوەدانی ڕاستەقینە لە ناوەڕۆکی بوون و هۆشیاریدایە، نەک لە ڕووکەشی ماددی، بە جۆرێک ئەم وشە سادانە دەبنە پردێکی ئۆنتۆلۆژی بۆ پەڕینەوە بەرەو جیهانێکی فراوانتر لە سنووری بینراو و ماددی.

جیاوازی بنەڕەتیی زمان لە دەقی ئەدەبیدا بەراورد بە دیسپلینە زانستییەکان، لە ئاستی کارکردیی وشەکاندا خۆی دەنوێنێت؛ لە کاتێکدا زمانی زانستی بەدوای ڕوونی، ڕاستەوخۆیی و یەکواتایی (Literal meaning) لە بەکارهێنانی فەرهەنگیدا وێڵە، زمانی ئەدەبی لە ڕێڕەوی واتایەکی کارکردەیی و پراگماتیکی (وەک زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە بۆ تێگەیشتن و بەرژەوەندیی ڕاستەوخۆ) دەرباز دەبێت و بۆ بواری نوێ و بەکارهێنانی ناسواو پەل دەهاوێت. خەسڵەتی بنەڕەتیی زمانی ئەدەبی لە (لادان-الانزیاح Deviation) لە واتا ڕاستەوخۆکان و گۆڕانکاری بۆ زمانێکی (ئیحایی Connotative) پڕ لە ئاماژە و هێما پێکهاتووە.

لە پرۆژەی شیعریی مەحوی-دا، ئەم میکانیزمە بە ڕوونی بەرجەستە دەبێت؛ شاعیر توانیویەتی ڕەگەزی شوێنە بچووکەکان و کەرەستەگەلی ساکاری ژیانی وەک: (ئاوێنە، تیمسال، ئۆپاڵ، کونج) کە لە ئاستی ئاساییدا تەنیا ئاماژەی ماددین، بگۆڕێت بۆ ئامرازی زمانەوانیی باڵا. مەحوی لە ڕێگەی (نامۆکردنەوە Ostranenie)، ئەم کەرەستانە دەکاتە ڕەگەزی سەرەکیی وێنەی شیعری، بە جۆرێک کە لە ڕووکەشییان ڕزگار دەبن و دەبنە گوێزەرەوەی واتای قووڵی فەلسەفی و عیرفانی. چونکە شاعیر، یان نووسەر، لە ڕێگەی نامۆکردنەوە، شتە ئاسایی و ڕۆژانەیی و باوەکان (کە خەڵک بەهۆی دووبارەبوونەوەوە لێی ڕاهاتوون و چیدی سەرنجی نادەن) بە شێوازێکی نوێ، نامۆ و سەیر پیشان دەدات (٢٠).

**– کە سەیری ئاینەی کرد و لە پاشان ئەم کەلامەی دی**

**وتی: من هەم بە بێ تیمسال و ئەم شیعرانە بێ ئەمسال (٢١)**

**– بە غەمزەی نازەوە ئەو سەرووی نازە نازە کەی چووە گوڵشەن**

**کـە نێرگـس وا بـووە چـاوی سـپی، سـەرووی بـووە ئۆبـاڵ (٢٢)**

**- لە مەحوی دڵ ئەگەر ون بوو وەکوو گەنج سۆراغی کەن لە کونجی کۆنە دەیران (٢٣)**

لـەم دەقانـەدا ئـەو وشـە سـادانەی کـە لـە ژیانـی ڕۆژانـەدا واتایەکـی دیاریکـراوی ڕاسـتەوخۆ دەگەیەنـن، بـۆ (زمانـی ئەدەبیـی ئاماژەیـی) دەگۆڕرێـن، بـۆ هێمایەکـی ناڕاسـتەوخۆ کـە گوزارشـت لـە ئەزموونـی بوونـی قـووڵ دەکـەن، شـتی وردی ڕۆژانـە، دەبنـە بنەمـای دینابینـی بووناسـین. لـە بەیتەکانـدا، (ئاوێنـە و تیمسـال) لـە بەکارهێنانـی سـادە دەرهێنـراون، کـراون بـە کایەیـەک بـۆ نیشـاندانی تاقانەیـی و بێوێنەیـی حەقیقەتـی مەعشـووق؛ ئاوێنـە کراوەتـە شـوێنێک بۆ دەرکەوتنی ڕەونەقداریی وتەکانی خـود و بێ وێنـەی ئـەو: (وتـی: مـن هـەم بـە بێ تیمسـاڵ و ئـەم شـیعرانە بـێ ئەمسـاڵ)، واتـە زمـان لێـرەدا وێنەیـەک دەخوڵقێنێـت کـە لـە چوارچێـوەی فەرهەنگیـی ئاوێنـە گەورەتـرە. لەلایەکـی تـرەوە، وشـەی (ئۆبـاڵ) کـە بریتییـە لـە «ئـەو وردەیـەی لـە ئاسـن و مـس دادەوەرێ لـە کاتـی کوتانـەوە و چەکـوش لێدانیـدا» (٢٤)، دەبێتـە ڕەگەزێکـی جوانناسـی؛ بێ وێنەیی باسکراوی پێ وێناکردووە.

ئەوەی تایبـەت بێت بـە (کونجی کۆنـە دەیـران)؛ ئـەوە کۆنـە شـار و کۆنـە گـەڕەک و کۆنـە دۆسـت و هـاو شـێوەکانیان، بەشـێکن لـە زمانـی ڕۆژانـە، لێرەدا مەحـوی لـە هەنـاوی ئـەم زمانـەوە هێناونـی بـۆ نـاو زمانـی بـاڵای شـیعری و جۆرێـک لـە بەهـا و نرخاندنـی تایبەتـی پـێ بەخشـیون. ئـەو دەڵێـت ئەگـەر دڵێکتـان ویسـت کـە پـڕ بێـت لـە گەوهـەری عیشـق، لـە شـوێنە ئاساییەکاندا بـۆی مەگەڕێـن، بەڵکـوو لـە قوژبنێکـی کۆنـە دەیرێکـدا بـۆی بگەڕێـن، لێـرەدا مەحـوی دڵـی خـۆی لـە (خانەقـا) دەردەهێنێـت و دەیباتـە (دەیـر)؛ ئـەم دەرهێنانـە زمانییـە: (کونـج و قوژبـن)، بۆ دەربڕینـە لـە یاخیبوونێکـی عیرفانیـی بەرانبـەر بـە لێڕاهاتـن و جووڵـەی ئاسـایی نـاو خانەقـا و وێڵبوونـە بـە دوای عیشـقدا، ئامادەیـی قوربانیدانـە بـۆی، بـە ڕۆیشـتن و گیرسـانەوە لـەو شـوێنەی ئـەوی لێیـە، تەنانـەت ئەگـەر کۆنـە دەیرێکـی کۆچکـراوی چۆڵیـش بێـت.

بێجگـە لـە وردە شـوێنی ئاوەدانـی و سروشـتی، وردە شـوێنی تایبـەت بـە پێوەنـدی مرۆیـی و مەجـازی لـە شـیعری مەحـوی-دا بـۆ بـە دیهێنانـی گوتـار وەگەڕخـراوە:

**غوڵامانە سەرم دانا لەبەر پێیا، وەکوو زوڵفی کەچـی ئـەو هـەر منـی خسـتۆتە پشـت گـوێ وەک غوڵامانـە (٢٥)**

لـەم دەقـەدا، مەحـوی دەسـتەواژەی (لەبـەر پـێ) لـە سـنووری بەکارهێنانـی سـادەی ڕۆژانـە دەردەهێنێـت و دەیکاتـە چەقـی ململانێیەکـی سۆسـیۆ- دەروونـی لە نێـوان (بینیـن و نەبینین/ گرنگـی پێـدان و پشتگوێخسـتن) و (داواکـردن و وەڵامنەدانـەوە)دا. شـاعیر لێـرەدا یارییەکـی ئەندازەیـی لـە نێـوان دوو جەمسـەری دژبەیـەک (بـەر و پشـت) ئەنجـام دەدات؛ کاتێـک عاشـق سـەری دەخاتـە (بەرپـێ)، کـە لـە زمانـی بـاودا هێمـای خۆبچووککردنـەوە و وەفادارییـە، دەیەوێـت بچێتـە نـاو مـەودای بینینـی یـار، چونکـە (بـەر) بەواتـای پێشـەوە و شـوێنی بینیـن دێـت، بـەڵام داهێنانـە گەورەکـەی مەحـوی لەوەدایـە کـە ئـەم (بەرپێ)یـە دەکاتـە خاڵـی بەیەکگەیشـتن لەگـەڵ زوڵفـی یاردا، بـە جۆرێک کـە زوڵـف بـە سروشـتی خـۆی لـە سـەرەوە بـۆ خـوارەوە شـۆڕ دەبێتـەوە بۆ (بەرپـێ)، بـەڵام عاشـق بـە پێچەوانـەوە سـەری خـۆی لـە خـوارەوە بـۆ ئـەو شـوێنە نـزم دەکاتـەوە. لێرەدا هاوکێشـەکە بۆ نایەکانگیـری دەگۆڕێت؛ یار

لە جیاتی ئەوەی سەیری ئەو سەرە بکات کە لە (بەرپێ)دایە، دەیکاتە (پشت گوێ)، کە دیوی شاراوە و فەرامۆش کراوە. ئەم گواستنەوەیەی سەر لە (بەرپێ)وە، کە شوێنی ڕێز و خزمەتی غوڵامانەیە، بۆ (پشت گوێ)، کە شوێنی بێزاری و فەرامۆشکردنە، ئەگەرچی لە ڕووی شوێنەوە بەرزکردنەوەیە، بەڵام ڕاستییەکەی فڕێدان و پشتگوێ خستنێکی واتاگۆڕە کە تێیدا مەحوی توانیویەتی کەرەستە شوێنییەکان؛ ئەوەی (یۆری لۆتمان) ناوی ناوە (زمانی پێوەندی شیعری The Language of Spatial Relations) (٢٦)، بارگاوی بکات بە باڵاترین بەکارهێنانی ئەدەبی و گۆڕینی زمانی ڕۆژانە بۆ گوتاری شیعری و کردنی بە ئامرازی باڵای دەربڕین.

ئەم جۆرە بەکارهێنانە وردانە؛ ئەوە دەگەیەنن کە زمان لە هەر ئاستێکدا بێت، بێتاوانە ئەگەر نەتوانرا وەگەڕبخرێت و بکرێتە هەوێنی زمانی باڵای ئەدەبی، ئەوە بەکارهێنەرە کە توانایی نییە، نەوەک خودی زمانەکە. گرفتی دەستکورتی زمانی شیعری، گرفتی زمان نییە، بەڵکوو گرفتەکە لەو هزرەدایە بەکاری دەهێنێت.

**٤- وردە شوێن وەک ئامرازی تێڕامان**

تێڕامان (Theoria) لە نەریتی فەلسەفیی یۆنانیدا، بەو شێوەیەی ئەرستۆ ڕوونی دەکاتەوە، تەنیا پرۆسەیەکی دەروونی نییە، بەڵکوو (چالاکییەکە Activity) ئامانجی بەرهەمهێنانی هیچ شتێکی دەرەکی نییە، بەڵکوو ئامانجەکەی لە خودی خۆیدایە و بەرزترین جۆری چالاکیی مرۆییە، چونکە تایبەتە بە باشترین بەشی مرۆڤ کە (عەقڵە) و مامەڵە لەگەڵ بەرزترین بابەتەکان (بنەما سەرەکییەکان) دەکات (٢٧).

تێڕامانی ئەدەبی، بەتایبەتی لە شیعردا، پشت بە (ئیستێتیکای هۆشیاریی) دەبەستێت کە تێیدا وێنە ئەدەبییەکان بۆ ئەزموونێکی ناوەکی دەگۆڕێن کە ئامانجی بەڵگەکردنی ڕاستییەکی دەرەکی نییە، بەڵکوو ئامانجی دروستکردنی دۆخێکە لە تێکەڵاوبوون (التماهي) لە نێوان خود و بابەت. تێڕامان لێرەدا دەکەوێتە ناوچەیەکی ناوەندی لە نێوان خەون و بەئاگا بووندا و لە جیاکاریی فەلسەفی (التجريد الفلسفي) جیاوازە کە هەوڵ دەدات چەمک لە وێنە جیا بکاتەوە. (٢٨)

جیاوازیی بنەڕەتی لە نێوان تێڕامان لە فەلسەفە و تێڕامان لە ئەدەب، ئەوەیە کە فەلسەفە تێڕامان وەک ئامرازێک بۆ بەڵگەکردن (Demonstration) بەکاردەهێنێت بۆ گەیشتن بە دڵنیایی (اليقين)، لە کاتێکدا ئەدەب تێڕامان وەک ئامرازێک بۆ وێناکردن (Representation) بەکاردەهێنێت بۆ وروژاندنی ئەزموونی سۆزداری. فەیلەسووف هەوڵی بەرهەمهێنانی (تیۆر) (Theory) دەدات، لە کاتێکدا ئەدیب هەوڵی بەرهەمهێنانی (کاریگەرییەکی ئیستێتیکی - جوانبینی) (Aesthetic Effect) دەدات (٢٩).

ئەم جیاکارییە لە نێوان تێڕامانی فەلسەفی و ئەدەبی، بۆ جیاکاری زانستی مەنهەجی ئەنجام دەدرێت، ئەگەر نا تێڕامان لە نێوان فەلسەفە و ئەدەبدا پردی بەیەک گەیەنەرە. لە مێژە ئەفلاتوون، تێڕامانەکانی هەردوو ڕەهەندەکەی لەیەک گرتووە، بۆ نموونە ئەو ئەفسانە (وەک ئەفسانەی ئەشکەوت) بەکاردەهێنێت، کارەکەش لە یەک کاتدا خەیاڵی ئەدەبی و پێویستییەکی فەلسەفییە بۆ ئاسانکردنی تێڕامانی دەروون بۆ نموونە باڵا (المثل)ـە دابڕاوەکان. ئەفسانە وەک نموونە کاردەکات کە عەقڵ لە ئاستەکانی نزمترین زانین (سێبەرەکان/ هەست) بۆ ئاستە بەرزەکان

(ڕاستییەکان/ عەقڵ) دەگوێزێتەوە (٣٠).

تێڕامان لە بوون و لە ژیان و دەوروبەر، یەکێکە لە تایبەتمەندییە دیارەکانی شیعری مەحوی، وردە شوێن و تێڕامان و بوونگەرایی، لە شیعری مەحوی-دا دەگاتە ئاستێکی باڵاتر و قەسیدەیەکی تەواوی بۆ تەرخان دەکات، وردەی شوێنی وەک (تەخت / عەرش) و (نەعش) دەکاتە دەروازەی تێڕامانە بوونگەراییەکەی لە چوارچێوەی کردنی وشەی (مەخلووق) بە کلیلی چوونە ژوورەوە بۆ جیهانە تێڕامانییە قووڵەکەی:

**ئەوی ئەمڕۆ بە دەوری تەختیایە هەڵهەڵەی**
**مەخلووق**
**لە دەوری نەعشیا سبحەی دەبینێ وەلوەلەی**
**مەخلووق**
**بە پەل پەل کردنی سبحەی ئەگەر ببووایە**
**باوەڕیان**
**دەبوو قەت بەم حەدە نەبووایە بۆ دنیا**
**پەلەی مەخلووق**
**دەخاتە فکری ئەهلی مەعریفەت شێوەیی**
**جەجاڵ الحق**
**دەبینی بەعزە ئەشخاسێ بە دوویا خەرگەلەی**
**مەخلووق**
**وەها پڕ فیتنە بوو عالەم کە ئیبلیسێکی**
**وەک ئیبلیس**
**نەماوە مەئمەنی غەیری کلێشە و کەڵکەڵەی**
**مەخلووق**
**لە پەردەی جیلوەیەکتا ڕوونمایە شۆری سەد**
**مەحشەر**
**نیقابێ لا دە لەو چیهرە، ببینە زەلزەلەی**
**مەخلووق**
**بە ناوی تێ گەیشتین ئێمە دنیا، هەر**
**سەرابێ بوو**
**هەموو دەشچن بە خنکان و لە وشکیشە**
**مەلەی مەخلووق**
**لە سووقی دەهردا دووکانی هەر کەس موددەتی**
**عومرە**
**گوهەر دانە بە پشکڵ دانە مەحوی، مامەڵەی**
**مەخلووق** (٣١)

مەحوی لێرەدا دەبێتە فەیلەسووفێکی بوونگەرایی سەردەمی خۆی، کە لە ڕێگەی (وردە شوێن) (Micro-space)ـەوە دەیەوێت گشتی بوون بخاتە ژێر پرسیارەوە، مەحوی وشەی (مەخلووق) دەکاتە چەقی شیکردنەوەی بوون. ئەم وشەیە لە ناوکۆیی تێکستەکەدا لە واتا ڕاستەوخۆکەیەوە بۆ واتا ئاماژەییەکەی دەپەڕێتەوە، وەک بوونەوەرێکی بێدەسەڵات لێی دەڕوانێت کە لە نێوان چرکەساتی لەدایکبوون و مردندا گیری خواردووە. دووبارەبوونەوەی وشەکە بەردەوام ئاماژەیە بۆ ئەو گوشارە دەروونییەی مرۆڤ کە بەردەوام هەستی پێ دەکات.

تێڕامانی شیعری لە دیمەنی زەلزەلەی مەحشەر (ڕۆژی دوایی) لە ڕێگەی وردە شوێنی کارای وەک (نیقاب و چێهر) ئەنجام دەدرێت، خودی هۆشیار داوا دەکات (نیقاب) لەسەر ئەو چێهرەیە لاببرێت بۆ ئەوەی مرۆڤەکان ڕاستیی بوونی خۆیان ببینن، چونکە دنیا ئەوەندە پڕ لە فیتنە بووە، ئیبلیسیش ناتوانێت پەناگەیەک بدۆزێتەوە و ناچار لەناو خەیاڵاتی مرۆڤەکاندا دەژی.

لە ڕوانگەی فینۆمینۆلۆژیاوە؛ مەحوی لەم تێکستەدا (وردە شوێن) پێکهاتەیەکی فیزیکی بێگیان نابینێت، بەڵکوو وەک (ئەزموونێکی ژیاو) هەڵسوکەوتی شیعری لەگەڵ دەکات، لەم ئەزموونە ئەدەبییەیدا (تەخت) و (نەعش) وەک دوو ئامرازی دارین نابینێت، بەڵکوو بە دوو (دۆخی بوون)ـی دادەنێت. وردە شوێن لای مەحوی دەبێتە مەیدانی دەرکەوتەی دیاردەکان؛

(تەخـت) وەک شـوێنی (دەرکەوتنـی درۆینـە) و (نەعـش) وەک شـوێنی (ڕاسـتی- گەڕانـەوە) دەردەکـەون، چونکـە مەخلـووق لەبـری ئـەوەی لـە ماهییەتـی شـوێن تـێ بگات، تەنیـا لـە دیـوی دەرەوەی دیاردەکانـدا دەژی، بۆیـە مەحـوی ئامـاژە بـە (سـەراب) دەکات، چونکـە سـەراب فریـودەری هەسـتەکانە؛ ئـەو شـوێنەی کـە مەخلـووق تێیـدا (مەلـە) دەکات، لـە بنەڕەتـدا وشـکانییە، بـەڵام چونکـە تێڕوانینـی مەخلـووق تەنیـا لەسـەر ئاسـتی ڕووکەشـی دنیاییـە، دیـاردەی وشـکانی وەک ئـاو دەبینێـت و لەناویـدا دەخنکێـت. ئـەم خنکانـە لـە وشـکانیدا، دابڕانـی مـرۆڤ لـە ڕاسـتی (بـوون) و گیرخواردنـی لەنـاو (دیـاردە) کاتییەکانـدا، وێنـا دەکات. مەحـوی بـەم وردە شـوێنانە، جیهـان وەک (سـووق- بـازاڕ) وێنـا دەکات، کات لەناویـدا دەبێتـە کاڵا؛ لـەم ڕوانگـە فینۆمینۆلۆژییـەوە دەتوانیـن بڵێیـن مەحـوی دەگاتـە ئـەو ئەنجامـەی کـە مەخلـووق لـە جیاتـی ئـەوەی بـەدوای (ماهییـەت)دا بگەڕێـت، خەریکـی سـەودایەکی زەرەرمەنـدە، (دەنکـە گەوهـەری بـوون) بـە (پشـکڵی دیـاردە) دەگۆڕێتـەوە.

ئـەو دڵەڕاوکـێ و گوشـارە دەروونییـەی لای مەحوی بەرانبـەر بـە مـەرگ وەک کۆتاییەکـی بوونەوەرانـە ئامادەیـی هەیـە، ڕەهەندێکـی فەلسـەفیی قـووڵ بـە بوونـی دەبەخشـێت؛ ئەمـەش ئـەوە دەسـەلمێنێت کە شـێوازی بوونی ئەو، بوونێکی ڕەسـەنە (Authentic Existence) کـە لـە ئەنجامـی ڕووبەڕووبوونـەوەی ڕاسـتگۆیانەی مـرۆڤ لەگـەڵ مەرگـدا دێتـە ئـاراوە. بوونـی ڕاسـتی ڕەسـەن بریتییـە لـە خودێکـی ئـازاد ئەرکـی بەرپرسـیارێتی بوونـی هەڵدەگرێـت. لـە بوونـی ساختەشـدا، خـود نامۆیـە بـە خـودی خـۆی، ئـازادی خـۆی لـە دەسـت داوە، بوونـی سـاختە ئـەو بوونەیـە کـە خـود خـۆی بـۆ ئاسـتی شـتەکان بچـووک دەکاتـەوە، هـەردەم دەخوازێـت بچێتـە قووڵایـی کۆمەڵـەوە، ئـەوان حەزیـان لـە چـی بێـت، ئەمیـش حـەزی لەوەیـە، بـەم چوونـەی بـۆ قووڵایـی کۆمـەڵ دەیەوێـت لـە ئـازادی خـۆی ڕابکات، دەسـتی لـێ هەڵبگرێـت، خـۆی لـە بەرپرسـیارێتیەکانی دەدزێتـەوە، بـۆ ئـەوەی خـۆی لـە دڵەڕاوکـێ ڕزگار بـکات. بـە دەربڕینـی (هایدیگـەر)؛ مەحـوی بەرپرسـیارێتی قورسایی بوونـی خـۆی لـەو جیهانـەی لیـی دەژی هەڵدەگـرت. هایدیگـەر پێـی وایـە پێویسـتە مـرۆڤ هۆشـیار بێـت و شـان بداتـە بـەر خـەم و قورسـایی بوونـی، بـە پێچەوانـەی (کانـت و دیکارت)ـەوە کە گومانیـان لـە بوونـی جیهانێکی دەرەوە هەبـوو، یـان پێیـان وابـوو بیرۆکـەی جیهـان بیرۆکەیەکـی سـاختەیە و لـە واقیعـی ژیـاودا هیـچ بوونێکـی نییـە، بـە پێچەوانـەی ئەمانـەوە هایدیگـەر دەڵـێ بـوون لـە جیهاندا بنەمـای ڕەسـەنی چەمکی جیهانـە، ئـەم جیهانـەی دەورەی داویـن، یـان ئـەم ژینگەیـەی تێیـدا دەژیـن، ئـەو بازنـە دیاریکـراوە نییـە، کـە ئێمـە لـە چوارچێوەیـدا دەژیـن، بەڵکـوو جیهانـی تایبەتمانـە، بـە هەمـوو بابەتـە شارسـتانی و مرۆیـی و مێژووییەکانـەوە. ئێمـە پێـش هەمـوو شـتێک لەناجیهانێـک لـە بابەتـدا دەژیـن، ئـەو بابەتانـە سـەرنج و گرنگـی پێدانەکانمـان بـۆلای خـۆی ڕادەکێشـێت (٣٢).

مەحـوی لـە ڕێگـەی کارکـردی (وردە شـوێن)ـەوە لـەم دەسـتپێکەی قەسـیدەی (مەخلـووق)، دەروازەیەکـی قووڵـی خودناسـی ئـاوەڵا دەکات. کارایـی ئـەم وردە شـوێنانە لەوەدایـە کـە دەبنـە ئامرازێکـی تێڕامانـی بـۆ دانپێدانـان بـە کەموکورییەکانی خـود و گەیشـتن بـە ئەزموونێکی بەرزتـری (خودناسـی):

**چییە سووچ و گوناهی؟ بۆچی دەیکاتە جەزاخانە؟**

**لـە قەبرەهەڵکـەن، هەتـا ڕۆژی جـەزا دەعـوا چییـە قەبـرم** (٣٣).

کارایـی ورده شـوێنەکانی (Micro-spaces) وەک (قەبـر، سـووچ) لـە شـیعری مەحـوی-دا، تێپەڕینـە لـە مانـای فیزیکییانـەوە بـۆ ئامرازێکـی تێڕامانـی بوونخـوازی، کـە ئامانجـی دانپێدانانـی سـوژە بـە کەموکوڕییەکانـی خـود و گەیشـتنە بـە ئەزموونێکـی بەرزتـری خودناسـی.

مەحوی لە پرۆسەیەکی تەئویلی- فینۆمینۆلۆژیدا، وشـەی (قەبـر) لـە ئاسـتی شـوێنێکی فیزیکـی بـۆ ناشـتن، بـۆ شـوێنێکی ئۆنتۆلـۆژی بـەرز دەکاتـەوە و وەک (قەفەزێـک)، یـان (جەزاخانەیـەک) وێنـای دەکات کـە خـود لەناویـدا گیـری خـواردووە. ئـەم دۆخـە لێوارییـە، کـە سـەرچاوەکەی نائومێـدی لـە دنیـای ماددییـە، هۆشـیاریی خـود ناچـار دەکات ڕووبـەڕووی ڕەهەنـدە ناتەواوەکانـی خـۆی ببێتـەوە.

ئـەم تێڕوانینـە، کـە دەکرێـت نـاوی بنێیـن شـوێنگەرایی دەروونـی کە چۆنیەتـی پێوەندیی نێوان دەروونـی مـرۆڤ و شـوێن ڕوون دەکاتـەوە. مەحـوی لـە ڕێگـەی (قەبـر)ەوە، خـود دەخاتـە دۆخێکـەوە کـە ناچـار بێـت بـە هۆشـیارییەکی هەسـتیارترەوە لـە ژیـان و مـەرگ بڕوانێـت، بـۆ ئـەوەی بیکاتـە ڕێگـەی گەیشـتن بـە خودناسییەکی ڕاسـتەقینە، لـە ڕێگـەی تێڕامـان لـە شـوێنە گیرخواردووەکـەی، خـود بتوانێـت واتـای بوونـی خـۆی بدۆزێتـەوە.

لێـرەدا مەحـوی وەک خودێکـی هۆشـیاری بـە ئـاگا هەڵسـوکەوتی شـیعری لەگـەڵ گـۆڕدا دەکات و لـە ڕوانگـەی خودناسـییەوە دەڵێـت «ئەوەنـدە گوناهبارم، قەبرەکـەم تـا ڕۆژی قیامـەت هـەر لەدەسـت قەبرهەڵکـەن شـکات دەکات کـە کـردی بـە جێگـەی سـزادانی مـن و منـی تێخسـت. نازانـم ئـەو قەبـرە بەدبەختـە چـی کردبـوو و گوناهـی چـی بـوو وا قەبـر هەڵکـەن کـردی بـە جێگـەی مـن و ئـازار و سـزای منـی بردە ئـەویّ» (٣٤). ئـەم بـە مرۆڤکردنـەی وردە شـوێن، لـەلای مەحـوی، قەبـر لـە شـوێنێکی سـارد و سـڕ و نامـۆ و ئاڵـۆزەوە دەکاتـە دەروازەیـەک بـۆ تێگەیشـتن لـە خـود و تێگەیشـتنمان لـە کۆتاییبوونـی (التناهي) بوونی مرۆڤ و سـنووردارییی ئاسـۆکانیەتی، هەرچەنـدە تەمـاح و خواسـتەکانی شـێتانە بـن و دان بـە سـنوورەکاندا نەنێـن.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

(١٢) دیوانی مەحوی: ١١٩، پەراوێزی ژمارە: ٦.
(١٣) بڕوانە: النقد الأدبي الحديث: ٤١ - ٤٢.
(١٤) دیوانی مەحوی: ١١٣ - ١١٤.
(١٥) دیوانی مەحوی: ١٢١.
(١٦) دیوانی مەحوی: ١٤٢ – ١٤٣.
(١٧) دیوانی مەحوی: ١٧١.
(١٨) دیوانی مەحوی: ١٩٧.
(١٩) دیوانی مەحوی: ١٤٣.
(٢٠) المصطلحـات الأدبيـة الحديثـة، د. محمـد عنانـي: ١٠٩-١١٠.
(٢١) دیوانی مەحوی: ٢٤٥.
(٢٢) دیوانی مەحوی: ٢٤٦.
(٢٣) دیوانی مەحوی: ٢٤٨.
(٢٤) دیوانی مەحوی: ٢٤٨.
(٢٥) دیوانی مەحوی: ٣٢٠.
(٢٦) بڕوانە مشكلة المكان الفني، ضمـن كتاب جماليات المكان: ٦٥، و٦٨-٦٩.
(٢٧) ما هي الفلسفة القديمة؟: ١٣٥.
(٢٨) جماليات المكان: ٣٧-٣٨.
(٢٩) تاريخ الفلسفة: اليونان وروما: ٢٥١
(٣٠) تاريخ الفلسفة: اليونان وروما: ٢٥٢.
(٣١) دیوانی مەحوی: ٢٢١ – ٢٢٣.
(٣٢) بڕوانـە: بـوون و كات: ٢٨٠ – ٢٨٥. و ئۆنتۆلـۆژی و بنەڕەتـی بوونـی مـرۆڤ: ٤٦.
(٣٣) دیوانی مەحوی: ٢٦٤.
(٣٤) دیوانی مەحوی: ٢٦٤.